

ئایرۆنی

جەبار سابیر

## گفتوگۆ

ئەم وتی: باشە پازدە ساڵە ئەم حکومەتە هەر دەڵێ ساوامو گەورە نابێت، بەبڕوای تۆ کاتی ئەوە نەهاتووە لەشیری ببڕینەوەو بینێرینە مەکتەبێ؟ ئەو وتی کاکە بەر لەهەر شتێك پازدە ساڵ نابێت، بەڵکو سێ ساڵە چونکە لەدوای رووخانی حکومەتی بەعسەوە ئێمە بووینەتە حکومەت، دواتریش ئەم حکومەتە وەك ماڵێك وایە، تۆ بڕوانە ماڵێك لەسەرچنارەوە بەرەو عەربەت بگوێزەرەوە حەتمەن پەرداخ دەشکێ، سەلاجە غازی تێدا نامێنێ، مریشك هێلکەی لەباردەچێت، ئیتر بەم شێوەیە ماڵ گواستنەوە هەمیشە بەبێ زەرەرو زیان تێپەڕ نابێتو ناگاتە شوێنی خۆی. ئەیچۆن ئێمەیش لە(زەڵێو قاسمە رەش)ەوە ماڵمان بارکردووە بۆ سلێمانیو دواتر بۆ بەغدادیش ئیتر ئەتەوێ هیچ نەشکێو کەموکوڕی لەهاوردنی ماڵەکەدا هیچ نەبێت، ئەوە خەیاڵە بابم خەیاڵ، ئێمە هەروا حکومەتیمان پێدەکرێت هەر وەختێك لەئێمە باشترت دیتەوە جوابم لێبگێڕەوە. تۆزێ گەروی پاککردەوەو دیسانەوە بەردەوام بوو، جائەوەشت بیرنەچێت ئێمە خاوەنی یەك رووبار خوێنی شەهیدانین، بەزۆر خۆمان بەسەر ئەم میللەتەدا نەسەپاندووە، نابینی چۆن خەڵك دەنگمان بۆ دەدەن؟

ئەم وتی: ئاستی سەرۆکی حکومەت چۆن بێت ئاستی کارمەندێکی پلە نزمی حکومەتەکەیشی هەروا دەبێت، بەواتای دەبێت باشیو خزمەتگوزاری حکومەتو سەرۆکەکەی لەکارمەندو خەڵکە ئاساییەکەشدا رەنگبداتەوە، بەڵام وەك دەبینی ئەم حکومەتە کارمەندێکی پلە نزمو سەرۆکو ئەنجومەنی وەزیرانەکەیشی هەمان هەستی بەپرسیارێتیو هەمان بێمنەتییان بەرامبەر خەڵك هەیە. ئەو خوێن زایە چاویو قژی وەك تەلی دڕکاوی لێهاتو وەختبو پەرکەم لێیبدات، کاکە ئەوە ئەوپەڕی بێوژدانییە، تۆ سەیرکە ئایا هەرگیز نەت بینیوە پیاوێکی مەشروب خۆرو قومارچی کوڕێکی زۆرباشو بەڕێزی هەبێت؟ یاخود قەت نەتبینیوە پیاوێکی زۆرباشو بەقەدرو حورمەت و نوێژکەر کوڕێکی زۆر بێ حورمەت و لاسارو قومارچی هەبێت؟ ها ئەمانەت نەبینیوە؟ ئێ حکومەتیش هەروایە وەك خێزانێك چۆن کوڕی باشو کچی باشیان هەیە، هەمان شێوە کوڕی خراپو کچی خراپیشیان هەیە. ئەی تۆ ئەتەوێ هەموو کارمەندەو وەزیرەکانی حکومەت هەمان ئاستیان هەبێتو وەك یەك باشو خراپبن. ئەوە دەست ناکەوێت بابم، هەرگیز دەستناکەوێت، بۆی مەگەڕێ گەر بۆمان هات خۆم تەلیفۆنت لۆ دەکەمەوە.

ئەم وتی: کاکە رەوایە دوای پازدە ساڵ حوکمکردن جارێك لەجاران نەهاتن میزانییەی ساڵێکی حکومەتەکەتان بۆ خەڵك راگەیەننو روونکیەنەوە کەئەم پارە زۆرەتان ئاوهاو ئامها بەفیڕۆداوە، ئێوە کەئەوەندە بۆ ئەم خەڵکە سووتاون دەبا خەڵك بۆکرۆزی هەناسەتان بژنەوێ. ئەو وتی: کاکە دیسان تۆ بێ ویژدانیت بەرامبەر حکومەت فەرموو، ئاخر لەم ماوەیەدا فلانە بەرپرسی حکومی لەفلانە شاشەی تیڤییەوە میزانییەکەی رانەگەیاند، تۆ ئەتەوێ ئێمە بچینە بەردەم هەرماڵێکی ئەم وڵاتە هاوارکەین و بڵێین خاوەن ماڵ میزانییەی ئەم ساڵی ئێمە ئەوەندەیەو ئاوها خەرجیدەکەین، کاکە گیان بۆ کارێکی لەو جۆرە ئێمە سەدان بەرپرسو کاربەدەستمان دەبێت. ئەم وتی: جا بۆ کەمتان بەرپرس هەیە، کەمتان کارمەندی ماستاو چی هەیە. ئەم وتیەوە: ئێمە هەرئەوەندەمان پێدەکرێو تۆو نمونەکانی وەکو تۆش بەجەهەنەم.

ئەم بەبێ ئەمێدی وتی: ئێ ئێ ئەم حکومەتەو کاربەدەستەکانی خەڵك لەم بابەتەیان هەیە بۆیە هەمیشە بروبیانوویان پێیە بۆ کەموکوڕیو گەندەڵییەکانیان.. بەڕێزان ئەم قسانەی سەرەوە گفتۆگۆی نێوان پیاوێکی ئاساییو پیاوێکی حکومەتبوو لەپاسێکی هێڵی سەرچناردا، بۆیە کاتێك پاسەکە گەیشتە ئەو وێستگەیەی پیاوە ئاساییەکە دەیویست، هاواریکرد دابەزین هەیە دابەزین.

jabardllopa@yahoo.com

**هەستیارغەمگین:**

# دەمەوێ لەرێی نوسینەوە شۆڕشێك دژی گەندەڵی و ناعەدالەتی بەرپابکەم



**رۆژنامەنووس و شاعیر "هەستیارغەمگین" لە ساڵی (١٩٨١) لە شاری سلێمانی لە دایکبووە و ساڵانێکە دەستی بە نوسین کردووە و بۆ بەئاگابوونی خوێنەرانی "رۆژی گەل" بە پێویستمانزانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

– کەی دەستت بەنوسین کردو لەچی بوارێکەوە چویتە ناو ئەو جیهانەوە؟

*سەرەتا سوپاستان ئەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە، من لەکۆتاییەکانی ٢٠٠١ و لەسەرەتای ٢٠٠٢ لەدەقەی شیعرەوە خۆم کرد بەنێو دنیا پڕلەفەزاو جەنجاڵەکەی نوسیندا.

**– کێ بووە هاندەرت بۆ ئەوەی بێیتە دنیای نوسینەوە؟**

* خۆی شیعر بەدەرنیە لەکارتێکردنی کەسی بەرانبەر منیش وەکو کەسێك کە شیعر هەوێنی نوسینم بوو بەدەر نەبووم لەو کارتێکردنە دەرکیەی دەرەوەی خۆم.

**– زۆر کەس هەیە کەدەبێتە شاعیر، یان نوسەر، یان رۆژنامەنوس کەسێك یان دەزگایەك دەبێتە پشتگیری. تۆ لەم ڕوانگەیەوە موستەفید نەبووی؟**

* خۆی ئەمە بەدیوێکی تردا هەمان پرسیاری پێشوە، سەبارەت بەهاندانی من لەبواری نوسیندا، ڕاستە من کەس گەلێك هاندەربوون و لەو بوارەی کەخۆم لەسەری ڕۆیشتووم پشتگیریان کردوم، دیارە ئەگەر لێرەدا ڕیزیان بکەم زۆرن، بەڵام وەك نمونە یانەی قەڵەم بێنمەوە کەهاوڕێم کاك (جەبار سابیر) سەرپەرشتی دەکات.

**– بۆلەشیعر دورکەوتیتەوە؟**

* خۆی نویسن بەگشتی دەبێت تۆ لەبەردەم لێرسراویەتیەکدا ببنیتەوە، دیارە شیعریش دەبێت هەمان ڕۆڵ و دەور ببیێت بەڵام تۆ دەبینی کەئەمڕۆ ئەوانەی شاعیرن زیاتر کەسانێکی گۆشەگیرن و تاڕادەیەك لەلێپرسراویەتی خۆیان بەدور گرتوە، من وەکو پێشتر وتم لەبەر ئەوەی کەسێی گۆشەگیر بووم و شەرمنیەکی زۆرم هەبوو دیارە کەشیعریش زیاتر ئەو ڕەهەندەی بۆفراوان دەکردم و تادوا ئەندازە تەریکی دەکردم، بۆیە خۆدورخستنەوەم بەباشرین چارە دانا بۆئەوەی بەئاڕاستەیەکی تردا بواری نوسینی من بەرێت.

**– لەنێوان شیعرو رۆژنامەنوسیدا چ پەیوەندیەك هەیە**

* لەزۆر ڕووەوە پەیوەندیان هەیەو لەهەندێك ڕووشەوە بەینیان ئاسمان و ڕێسمانە، شیعر خۆی لەپەیوەندیە موجازەفەییەکان بەدور ئەگرێت و زیاتر لەو شوێنەوە دەردەکەوێت کەبەدەر بێت لەهەر مەترسیەك کەهەڕەشە لەبوونی بکات ئەمە لەم ڕۆدا نەوەکو ڕابردو. بەڵام ڕۆژنامە هەمیشە لەناو حەدەس و ڕووداوەکاندایەو لەموخاتەرەیەکی گەورەدا درێژە بەنەشونومای خۆی ئەدات.

**– پرۆژەت چیە؟**

* من وەکو ئەو کەسە قسە زلانە نیم کەبەقسە هیچیان نەهێشتۆتەوە، بەڵام بەکردار هیچیان دیار نیە، من تاکە هیوام ئەوەیە زیاتر قەڵەمی نوسینم بەبرشت بێت و بەبێ مەترسی ڕاستیەکان وەکو خۆی بگەیەنم و ئەو شۆڕشەی لەدژی گەندەڵی و ناعەدالەتی و پێشێلکردنی تەواوی بەها جوانە کانی مرۆڤدا بەرپامکردوە ئومێدی ئەوەی لێدەکەم سەرکەوتووبم تیاداو هیوای سەرکەتن بۆ رۆژنامەکەتان دەخوازم...

**ئا :ئاشتی سدیق**

# بەدوای نازناوی جیهانی دەگەڕێ



لاوێکی تەمەن ١٤ساڵەی وڵاتی نیپال کە درێژییەکەی تەنیا ٥٠ سانتیمەترە، دەیەوێ لەکتێبی ریکۆردی هایگینس بەکورتترین پیاوی جیهان تۆماربکرێ.

ئەم لاوە ناوی (خاجندرا)یە کێشەکەی تەنیا ٤ کیلۆو نیوە، لەنیپال ناودارەو زۆربەی خەڵکی دەیناسن، بەڵام دایكو باوکی دەیانەوێ ببێتە پیاوێکی ناوداری جیهانی، ناوی لەگەڵ تایبەتمەندان تۆماربکرێ.

وەك زانراوە پیاوێکی ئەردەنی بە درێژی ٦٤ سانتیمەتر بەکورتترین پیاوی دنیا ناودێرکراوە، کەچی خاجندرا ١٤ سانتیمەتر لەو پیاوە کورترە، بەوهۆیەوە دەتوانێ نازناوی کورتترین پیاوی جیهان بەدەست بێنێ.

خاجندرا کاتێ لەدایکبوو کێشەکەی تەنیا ٦٠٠ گرام بوو، کەچی ئێستا

# کولەکەی ٢٠٠ کیلۆیی



لە شەشەمین پێشانگەی چانگچوونی نێودەوڵەتی کە تایبەت بوو بە خۆراكو کشتوکاڵی، لەباکووری رۆژهەڵاتی وڵاتی چین (سین) بەڕێوەچوو، جووتیاران بەروبوومی سەرنجڕاکێشیان پێشاندا، لەوانە: کولەکەی ٢٠٠ کیلۆیی، شووتی ١٠٠ کیلۆیی، باینجانی نیو مەتر درێژ، کاڵەکی هەڵواسراو و تەماتەی چەند کیلۆیی.

ماوەیەکە حکومەتی پەکین بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمی میوەو خۆراك هاوکاری جووتیاران دەکاتو دەیەوێ بەرێگەی زانستی قەوارەی میوەو تەرەکانیان گەورەتر بکەن، پێشاندانی ئەو بەرهەمانە لەو پێشانگەیەدا نیشانەی ئەوبوو کە ئەوان هەنگاوی باشیان هەڵێناوەتەوەو قۆناغێکی گەورەیان بڕیوە، بە گەورەکردنەوەی بەرهەمەکانیان قەیرانی خۆراك بنبڕ دەکەن.پێشتر جووتیارێکی کوردلە پارێزگای دیاربەکر توانیبووی شووتێکی ٥٠ کیلۆیی پێشان بدات و دەوڵەتیش بەگەورەترین شووتی لە جیهاندا ناساندبووی.

# کاتێ باران دەبارێ



نووسەری (کاتێ باران دەبارێ)، ناوی سەمەر سەمیر ئەلمزغەنیە، لە ٢٧-٨-١٩٨٨لەدایك بووە، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی تونسە لەتەمەنی ٧ ساڵیەوە دەستی بەنووسین کردووە، تا ئێستا جارێك بەنیشانەی ئەوەی کە بچووکترین چیرۆکنووسی جیهانە لەساڵی ٢٠٠٠، جارێکی دیکەش بەنیشانەی ئەوەی کە نووسەرێکی بەتواناو کەم تەمەنە، لە ٢٠٠٢ دا لەکتێبی رێکۆردی گینس ناوی تۆمارکراوە.

سەمەر خەڵکی وڵاتی تونسە، تائێستا زیاتر لەسەد کورتە چیرۆکی بڵاوکراوەی هەیە، یەکەمین بەرهەمی بەناوی (عرفان) لەئەیلولی ١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە کە زۆربەی سوودی فرۆشتنی بەرهەمەکانی پێشکەش بەهەتیو و بێوەژنانی فەلەستینی کردووە.

سەمەر بەزمانی عەرەبیو فەرەنسی دەنووسێ، بەرهەمەکانی لەرۆژنامە ناودارەکانی تونسو جیهانی عەرەبیو فەرەنسی بڵاودەکاتەوە، خەڵاتو دیاری لەلایەن سەرکۆماری تونس، فەرەنسا، پاشای بەلجیکا، سەرۆکی سویسرا، پاشای عەرەبستانو دەیان سەرۆکی دیکە، پێدراوە. ئەو دەڵێ ئەگەر بگەمە ٦٠ ساڵانیش هێشتا منداڵی لەدەروونمدا گەورە نابێ. ئەمەش ناوی هەندێك لەبەرهەمەکانیەتی ( عرفان، خەو لەباخچەی ئاژەڵاندا، هاوڕێ، دادگەییکردنی گورگ، چۆلەکەی فەلەستینی دایکی گوم کردووە، چیرۆك لەجیهانێکی جواندا، کاتێ باران دەبارێ...).



# خالۆ ئەواکس دەڵێ

* پەیامنێری رۆژنامەیەك چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ وتەبێژی بەرەی گۆڕان کردبوو، بەڵێنیشی دابوو کە لە ژمارەی داهاتوو بڵاوی دەکاتەوە. سەرنووسەی رۆژنامەکە سێ ژمارە بە دوای یەکەوە بەڵێنی بە پەیامنێرەکە دەدا کە بڵاوی دەکاتەوە، دواتر پێی گوتبوو: کاکە ئەمە زۆر خەتەرە، من ناتوانم بڵاوی بکەمەوە چونکە باسی ئۆپۆزیسیۆنی کردووە، ئەمە نانبڕانی بە دواوە دێ !.

* دوای ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ تەواوی خەڵکی دابین کرا!!، سولفەی هاوسەرێتی بۆ لاوان سەرف کراو لێی مایەوە ئەوسا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیاری دا میوانخانەیەك بۆ میوانەکانی بکڕێ کە تەنیا یەك ملیۆنو سێ سەدو بیست هەزار دۆلاری پێدراوەو بەس!!، بەڵام کە پارێزگاری کرماشان هات لە هوتێل ئاشتی میوانداری لێکرا.

* هەندێك کەس لەرێگەی بەرپرسەکانەوە، بەناوی رێکخراوی نەناسراوەوە مانگانەیان لەحکومەتی هەرێم وەرگرتووە لەوانەش بەرەی کوردستانی!!.

*ئەنفالچی وا هەیە بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان رەوانەی پەرلەمان کراوە!!. هی واش هەیە لە لیستی شەهیدان تۆمارکراوەو شەهیدانە وەردەگرێ!!.

*ئەوانەی وتاریان بۆ بەعس نووسی بێو بەشانو باڵی دیکتاتۆریان هەڵدابێ، بێ قەیدو شەرت رێزلێنان دەیانگرێتەوە، بەڵام زۆرێك لەوانەی کە پێشمەرگە بوونەو وتاریان دژ بە بەعس نووسیوە رێزلێنان نایان گرێتەوە!!.

* پارێزگارێك سێ چایەچی هەیە، میوانەکانیشی بەبێ چاخواردنەوە بەرێدەکات .

* بەرپرسێك بە سکرتێرەکەی گوتووە: هەتیوو ئەگەر رۆژنامەنوس وپەیامنێری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان هاتن، پێیانبڵێ: جەنابیان کۆبوونەوەی گرنگیان هەیە، بڕۆ رۆژێکی تر وەرەوە، ئەگەر هاتەوەش هەمان قەوانی بۆدووبارە بکەرەوە !.

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com